# گۆران ئەدهەم قائمقامی قەزای هەڵەبجە،

# خەڵاتێکی ڕێز لێنان دەبەخشێتە کازم حبیب

کەسایەتی کازم حەبیب لەلایەن گۆران ئەدهەم قائمقامی قەزای هەڵەبجەوە وەک ڕێزو وەفایەک بۆ هەڵوێستی کەرۆژانێک تایبەت بە هەڵەبجە و ئەنفال هاوسۆزی و خەمخۆری خۆی دەربریوە و وەک کەسایەتیەکی ڕۆشنبیری عەرەبی دوایی لێبوردنی لەگەلی کورد کرد خەڵات کرا .

لەمەراسیمێکی شایستەدا سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە لەپایەتەختی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو کەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەنجامی دابوو توانرا لەو مەراسیمەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی هەڵەبجە ببەخشرێتە نوسەرو روناکبیری دیارعێراقی و کازم حەبیب .

گۆران ئەدهەم رەحیم قائمقامی قەزای هەڵەبجە لەو مەراسیمەدا خەڵاتێکی تایبەتی بەخشیە ئەو کەسایەتیەوە لەلایەن کازم حەبیبەوە زۆر بە خۆشەویستیەوە سەیری خەڵاتی هەڵەبجە کرا .ڕێزلێنانی هەڵەبجە لە ناوبراو بویە جیگەی پێزانی سەرجەم ئامادەبونی ناو مەراسیمەکە .

گۆران ئەدهەم رەحیم قائیمقامی قەزای هەڵەبجە لەلێدوانیکیدا تایبەت بەماڵپەری هەڵەبجە گوتی : مەبەستی ئیمە لەبەخشینی ئەم خەڵاتە وەک ڕێزلینانیکە بۆ ئەو پرۆفیسۆرەی کە ڕۆژانی سەختی گەلەکەمان دیفاعیان لەدۆسیەی گەلەکەمان و شاری هەڵەبجە و ئەنفال کردوە ئیمەوەک شاری هەڵەبجە بەهەڵویست دەبین بەرامبەر هەر تاکیک کەلەرۆژانێک توانیبیتیان بەوشەیەک بە هەر شتێک پشتگیریان لەدۆسیەو خەڵکی بیدیفاعی هەڵەبجە کردبێت .ناوبراو لەلیدوانەکەیدا تایبەت بەوەی کازم حەبیب ئایا چۆن سەیری ئەم خەڵاتەی کرد .

قائمقام گوتی ئەو زۆرجیاواز و زۆر بەخۆشحاڵیەوە سەیری لەم خەڵاتە کرد و جیاواز لەخەلات ڕێزلینانەکانی دیکە بەجیاواز خەڵاتی هەڵەبجە کە بەخشرایە ناوبراو نەک لای کازم حەبیب بویە جیگەی خۆشحاڵی بەڵکو لای سەرجەم ئامادەبوان دەستخۆشیان بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە بو کەخاوەن هەڵویست بوون لەرۆژێکی وادا ڕێز لەکەسایەتیەکی وا دەنێن .

گۆران ئەدهەم رەحیم لەدرێژەی لیدوانەکەیدا گوتی .کازم حەبیب کە ئیستا سەرپەرشتی یەکیک گەورەترین ڕێکخراو یان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری عەرەب دەکات دڵسۆزانێکی زۆری لەگەڵدایە کە بریار وایە لەچەند ڕۆژی داهاتوو ئەگە کیشەنەبیت سەردانی شاری هەڵەبجە بکەن .

کازم حەبیب یەکیکە لەدۆستەکانی گەلی کورد و یەکێک بو کە وەک ڕۆشنبیری عەرەب داوایی لێبوردنی لەگەلی کور.

کازم حەبیب لەیەکیک لەنوسینەکانیدا تایبەت بە وتاوانانەی ڕژێمی روخاوی عێراق بەسەرکردایەتی لەناوچوو سەدام حسین بەرامبەر بەگەلی کورد لە ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ئەنجامی دا دەڵێت .

دەبیت لەپێناو شکۆمەندی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجەدا بوەستین و یادیان لەدل و دەرونماندا زیندوبیت شەرم و خەجاڵەتیش بۆ هەموو ئەوانەی بەرهەرشیوەیەک

لەشێوەکانبووەن بەشداریان کرد لەم پرسە بەدناوەدا .
وەهەورەها لەهەمان نوسینیدا گوتیویەتی پێوستە ئەو وڵات و زلهێزانەی کەچەکیان بەخشیوەتە حکومەتی عیراق لەناویاندا چەکی کیمیاویی با داوایی لێبوردن لەگەلی کورد بکەن ، وە قەەرەبوی زیان لێکەوتوان بکەنەوە ئەوانی کە ناوچەو دەڤەرەکانیان کاولکراوە و وە ئەوانەشی کە زیان و توشی نەخۆشی دەرونی و دەماری بوون .